**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٤

**١٩٩٢ ـ بەرگی چوارەم**

---

چاپی یەکەم ١٩٩٨

# پێرست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٩) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/١٠ ——— ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٠) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/١١ ——— ل٢٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥١) پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/١٢ ——— ل٥٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٢) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢١ ——— ل٩٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٣) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢٢ ——— ل١١٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٤) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢٣ ——— ل١٣٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٥) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢٤ ——— ل١٦٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٦) پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢٦ ——— ل١٩٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٧) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢٨ ——— ل٢١١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٨) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢٩ ——— ل٢٦٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٩) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/١ ——— ل٣١٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦٠) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٧ ——— ل٣٢٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦١) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٨ ——— ل٣٨١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦٢) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٩ ——— ل٤٢٣

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا ئەو پێشنیارەی کە ئەڵێت با ئەم رۆژە نەکرێتە پشوو دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە رۆژی ٣/١٦ نەکرێت بە پشووی رەسمی با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

با لیژنەی یاسا دارشتنەکەی خۆیانمان بۆ بخوێننەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

يعتبر اليوم المذكور من كل عام حدادا رسميا في كافة انحاء كوردستان العراق احتجاجا على استعمال الاسلحة الكيمياوية الجماعية وتقام المراسيم لهذة الغرض.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەرەتای رستەکە(يعتبر) ئیتر ئەوە کافی نییە بۆ ئەوەی دیار بێت کە ئەوە حدادی رسمی نییە، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە ئەوەدایە کە ئەو دارشتنە بچێتە جێگای پێشنیارەکە با دەست بەرزکاتەوە؟ ..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الثالثة: على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار.

المادة الرابعة: ينفذ هذا القرار اعتبارا من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە (٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ مادەی(٣)پەسەند کرا.

ئێستاش کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادەی (٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ مادەی(٤)پەسەند کرا.

ئێستا بڕیارەکە وەکو هەمووی دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بڕیارە وەکو بڕیارێک وەربگیرێت با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ بڕیارەکە پەسەند کرا.

دێینە سەر خاڵی دووەم /پرۆژەی یاسای وەزارەتی داد.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**استنادا الى احكام الفقرة الاولى من القانون رقم «١»لسنة ١٩٩٢ وبناء على ماعرضه وزير العدل و وافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة في / /١٩٩٢ اصدار القانون الاتي:**

قانون رقم « » لسنة ١٩٩٢

قانون وزارة العدل

الباب الاول : تكوين الوزارة :

المادة الاولى : يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون .

١ـ الاقليم : اقليم كوردستان العراق .

٢ـ الوزارة : وزارة العدل للأقليم .

٣ـ الوزير : وزير العدل للأقليم .

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم پڕۆژە یاسایە با بفەرمووێت؟ وتکاتانیش لێ دەکەم کە ڕێگا بەیاساناسەکان زیاتر بدەن کە رای خۆیان دەربڕن، چونکە ئەوان باشتری لێ دەزانن.

**بەڕێز مـەعـروف رەئـووف خـضـر/ وەزیری داد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئێمە یاسای وەزارەتی دادمان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا داناوە و، پێویست ناکات دووبارە باسی هەرێم، یان وەزارەت بکرێت، چونکە ئەو یاسایە هی وەزارەتی دادە، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

البـاب الاول دوای (تكوين الوزاره) نووسـراوە بە رای من پاش هەمـوار کـردنی پێکهـاتنی وەزارەتی بۆ چییە، لە مادە (٤) دەڵێت : (تكوين الوزاره من تشكيلاتها) مادە (٢) تتولى مـهـام الوزاره، مـادە (٣) وەزیری روون کـردوەتەوە، کـەوا وەزیر چییـە، لە مـادە (٤)دا دەڵێت (تتـألف تكوين الوزاره من التشكيلات الاتيه)، ئەو تكوينە کە لە سەرتاوە هاتووە بە رای من زیادە و پێویست بە دانانی ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د.خـەسـرەو گـوڵ مـحـەمـەد:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

باسی بریکاری وەزارەت نەکراوە، ئایا ئەم وەزارەتە بریکاری نییە؟ سوپاس.

**بەڕێز حـەسـەن حـەمـیـد رەحـیـم:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

بۆ هەر ئەبێ یاسا بە عەرەبی بێ، خەڵکی قورئان ئەکاتە کوردی، با ئێمەش ئەم یاسایە بکەین بەکوردی، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

بەراستی زۆر بە زەحمەتە کەوا بەخێرای یاسا بە زمانی کوردی ئامادە بکەن، پێموایە هەر لەبەر ئەوە نییـە کـە کـەمـتـەرخـەمـییـەک بێت لە زمـانی کـوردیدا، بەڵام هەندێ دەسـتـەواژە هەیە لە

عەرەبییەکە تێپەڕیوە لە کۆتایشدا کە ئەبێ بە یاسا لە گۆڤاری پەرلەماندا بە هەردوو زمانە کە بڵاو ئەکرێتەوە، ئایا رای لیژنەی یاسا چییە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزیری داد دەفەرموێ یاساکە پێویستی بە پێناسە نییە. دووەم : تتألف مرکز الوزاره ممایلی: (مرکز الوزاره)دیسان بە ڕەهای(مطلق )ی هاتووە مادام پێناسە کرا، بە تەنها ئاسانترە ئیشەکە و روونتر دەبێت. لە بارەی ئەوەی کە بەڕێز کاکەڕەش وتی، ڕاستە جێگای خۆیەتی کە(تکوین الوزاره) لە پرۆژەکەی وەزارەتی دادەوە هاتووە وگوێزراوەتەوە بۆ ئەوی، چونکە ئێمە فیعلەن لە یاساکەدا (تکوین) وەزارەمان دانەناوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە پرۆژەی وەزارەتی داد دەڵێت: (في اقلیم کوردستان) بۆچی لێرە نووسراوە (قانون وزارة العدل)، بەڵام( في اقلیم کوردستان)کەی لابراوە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدلکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەکە دەڵێن: ئێمە دامان ناوە، بەڵام لە چاپدا دەرنەچووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە بنووسرێ (قانون الوزاره العدل لاقلیم کوردستان العراق) ئێستا پێشەکی مادەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە (الباب الاول)لە یاساکە لابردرێت با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا کە (باب الاول)لە یاساکەدا هەڵگیرێت. کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بنووسرێت (قانون وزارة العدل لاقلیم کوردستان العراق) و مادەکانی تریش وەکو خۆیان بمێننەوە با دەست بەرز کاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (٢): تتولی الوزارة مهامها و واجباتها وفقاً لهذا القانون لتحقیق العدالة عن طریق تطویر وتطبیق القوانین واحترام مضامینها نصاً وروحاً بما یحقق مبدأ استقلال القضاء والدفاع عن حقوق الانسان بما یتفق والاعلان العالمي لحقوق الانسان والعهود والمواثیق الدولیة المتعلقة بها.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا(حقوق الانسان)دووبارە دەبێتەوە، ئەمەش لە مەوادی یاسادا شتێکی پەسەند نییە، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا تەڵحـــە ســـەعـــیـــد قـــەرەنی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بە رای من(تطبیق القوانین واحترام مضامینها نصا وروحا)(الشریعة الاسلامیة) بخرێتە سەر باشترە، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەوەی کە بەڕێز وەزیری داد فەرمووی، ئەوە روونکردنەوەیەکە بۆ(الدفاع عن حقوق الانسان بما یتفق) خۆی لە (حقوق الانسان)دا هاتووە و، ئێمە تەواوکەرێکمان بۆی داناوە، دووەم ئەوەیە بەڕێز مامۆستا تەڵحە فەرمووی خۆی سەرچاوەی یاسای عێراقی شەریعەی ئیسلامیە ئێمە لەسەر ئەوە رێککەوتوین و، دەتوانین لەو رێگایەوە خزمەتی مرۆڤ بکەین جا لێرە بێت، یا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز حـــــســـــەن عـــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لێرە کە دەڵێین (لاعلان العالمی) زۆر شت دەگرێتەوە، بەڵام ئێمە جەختمان لەسەر ئەوە کردووە کە جارێکی جیهانی بەناوی(حقوق الانسان)وە هەیە، جا بۆیە(دفاع عن حقوق الانسان) ئەمە بەلای منەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـــگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە (٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة (٣): الوزیر هو الرئیس الاعلی للوزارة والمسؤول عن توجیه اعمالها وتصدر القرارات والتعلیمات والاوامر ضمن مهام الوزارة وتشکیلاتها وصلاحیاتها وسائر شؤونها الاداریة والفنیة ضمن حدود هذا القانون والقوانین النافذة الاخری، ویکون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فیه.

**بەڕێز جـــێـــگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەو مادەیە؟، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە(٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ بە زۆربەی دەنگ مادە(٣)پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة (٤): تتألف الوزارة من التشکیلات التالیة:

١ـ مکتب الوزیر: یتولی ادارته مدیر حاصل علی شهادة جامعیة.

٢ـ مديرية العدل العامة: يتولى ادارتها مدير عام على ان يكون حاكماً من الصنف الثاني وتتكون من المديريات التالية:

اولاً: مديرية الشؤون الادارية يتولى رئاستها مدير حاصل على شهادة جامعية وتتكون من الاقسام الاتية:

أ- قسم المحاسبة. ب ـ قسم التدقيق. جـ ـ قسم الافراد. د- قسم الخدمات الادارية.

ثانياً: مديرية العلاقات العدلية والقانونية: يتولى رئاستها مدير حاصل على شهادة بكالوريوس في القانون وتتكون من الاقسام التالية:

أ- قسم العلاقات العدلية. ب ـ قسم العلاقات القانونية.. جـ ـ قسم الاعلام القانوني.

ثالثاً: مديرية التخطيط والمتابعة: يتولى رئاستها مدير حاصل على شهادة جامعية، وتتكون من الاقسام التالية:

أ- قسم التخطيط. ب ـ قسم المتابعة. جـ ـ قسم الاحصاء.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا (شعبە) گەورەیە و، هەمیشە(قسم)گەورەترە لە (شعبە)، لێرەدا پێش وپاشی تێ کەوتووە،، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەی(٢) لەمادەی (٤)دا دەڵێت:(مديرية العدل العامة: يتولى ادارتها مدير عام على ان يكون قاضيا من الصنف الثاني)، لێرەدا مەرج نییە پەرلەمان هاوبەشی تیادا بکات، چونکە زۆر هەیە خدمەی قضائی زۆرە وریکوپێکە ودەتوانێت وەکو بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەیەوە بیات، من پێشنیار دەکەم دەقەکە وای لێ بێت:(يتولى الادارة مديرعام على ان يكون له خدمة قضائية لاتقل على «٨» سنوات)، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەو وەزارەتدا ئەنجوومەنێکمان هەیە پێی دەوترێت (المجلس العدل) ئێستا خەریکین ناوەکەمان گۆڕی بەپێی یاسا وکردمانە (تنظيم السلطة القضائية) وئەو ئەنجوومەنە بریار دەدات لەسەر ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە دادوەر و دادگاوە هەبێت، جا پێویستە ئەندامەکانی قازی بن، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە(٢) لەمادە(٤)دا دەڵێ:(مديرية العدل العامة: يتولى ادارتها مدير عام على ان يكون

حاكماً من الصنف الثاني وتتكون من المديريات التالية) وابزانم خۆی(الوحدات الفنيية تتكون من المديريات الاتية)، چونكه سێ مديرياتن، سوپاس.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینییەكم لەسەر قسەكانی بەڕێز وەزیری داد هەیە، بە پێی ئەوە سیفەتی قازیمان داوەتە (مديرية العدل العامة) تاوەكو بتوانێ بڕیار بدات و، دەبێت (مدير عام) قازیش بێت، تاوەكو بڕیار بدات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

داواكارییەكم هەیە لەسەر وشەی قازی ودادوەر، ئێمە یاسای دەسەڵاتی دادوەریمان هەیە و، ئەو دادوەرانەی كە ڕژێمی بەعس گۆڕییانی بە قازی هەموو بگێڕینەوە بۆ دادوەر، تەنها قازیی باری كەسایەتی نەبێت كە ناوی قازیی لێبنرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستاش دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوە هەموار كردنەدایە كە لە مادە(٤) كرا با دەست بەرزكاتەوە؟.. دەست بەرز كرایەوە..كێ دژە؟ كەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

الباب الثاني : اجهزة العدل

المادة الخامسة : اولاً : تتألف اجهزة العدل من المحاكم من :

١ـ المحاكم المدنية والدوائر المرتبطة بها.

٢ـ الادعاء العام.

٣ـ ديوان التدوين القانوني.

٤ـ هيئة الاشراف العدلي.

٥ـ مديرية التسجيل العقاري.

الفقرة الثانية : اجهزة العدل مهامها واختصاصاتها وفق القوانين الخاصة بها ومما لايتعارض مع احكام هذا القانون.

ئەمەش هەر دەقی باری دووەمی پرۆژەی وەزارەتە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە وەزارەتی داد هیچ باسی دادگای پیاداچوونەوە نەكراوە، پێشنیار دەكەم كە دادگای پیاداچوونەوەش دابمەزرێت لە وەزارەتی داد دا، سوپاس.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادەی(٥)دەڵێت: تتآلف اجهزة العدل من :

(المحاكم المدنية)، ئايا محاكم جەزائی چی پێدەڵێن (المحاكم المدنية وانواعها)؟!، ئەمە يەكەم، دووەم برگەی ، (مديرية التسجيل العقاري)، لێرەدا تەنها ناوی ئەوە دێنێ ئەی (مديريەی رعاية القاصرين)، يان بڵێن (المحاكم بانواعها)، يا با (مديريه اموال القاصرين) نوێ بكەينەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف /وەزيری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە دادگای پيادەچوونەوە، ئێمە ياسای پۆليسی دادوەريمان داناوە و، ئەم ياسايە لە جێگای ياسا و نيزامە، وەزارەتی داد پێرەوی نيیە و، ئەو ياسايەی كە پرۆژەكەی لاتانە، هەم پێرەوە و هەم ياسايشە و، بە تێروتەسەلی باس دادگای پيادەچوونەوە دەكات، هەروەها باسی تەشكيلاتی دادوەرەكان وئەرك وئيشوكارەكانيان دياری دەكات، سەبارەت بە(مديريە القاصرين) وئەوانی ترەوە، ئێمە بە تێهەڵچوونەوەی ناوچەكەوە بەستووەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادە (٥) دەخەينە دەنگدانەوە، ئێستا كێ لەگەڵ ئەوەدايە كە مادەی(٥) وەكو خۆی بمێنێتەوە با دەست بەرزكاتەوە؟..دەست بەرزكرايەوە.. كێ دژە؟ كەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز ئەياد حاجی نامق مەجيد:**

الباب الثالث: احكام عامة

المادة (٦) لوزير العدل انتداب حاكم بما في ذلك الحاكم في محكمة التميز الى مركز الوزارة.

**بەڕێز مەلا محەمەد شەريف تەها:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە گۆڕينی وشەی قازيی بۆ وشەی حاكم، قازيی نەک هەر بۆ دادگای باری كەسايەتی بێت، چونكە حاكم ئەگەر بەتەنيا بێت هەر حاكمە، ئەگەر هەر بە قازيی بمێنێتەوە جوانترە، سوپاس.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەنديی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادەی (٦)( لوزير العدل انتداب بما في ذلك حاكم، لوزير العدل الحكام بما في ذلك اعضاء محكمة التمييز الى مركز الوزارة مع مراعاة تناسب الوظيفة)، بە رای من زۆر رێكە، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزيری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادەی ياسايی كە موخاتەبە دەكات بە تاك دەيكات و، نابێ موخاتەبەی كۆ بكات، دوای ئەوە

چینی دادگای پیاداچوونەوە جیایە لە چینی دادگای تر، حاکم کە دەوترێت حاکم (بما في ذلك في محكمة التمييز) ئەوا راستتر و روونترە لەوەی کە بکرێ بە کۆ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من دەستەواژەی(احد الاعضاء في محكمة التمييز)دروست نییە، بەڵکو (حاكم في محكمة التمييز)راستتر و گونجاو ترە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(اعضاء محکمەی تمییز) هەموویان حاکمن، لەوانەشە کە حاکمی تیادا نەبێت، پاشان لەوانەیە کە حاکمیان تیادا نەبێت، بەڵام هەموویان حاکمن، دووەم سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە وەزیری داد ناتوانێت ئینتدابی بکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان ئەمە سەرۆک ناگرێتەوە ، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری جێگرەکەی دەگرێتەوە و، دەسنیشان دەکرێن، واتە لە دەستەی سەرۆکایەتیدا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

لێرە برگەیەک هەیە نەهاتووە کە دەکاتە فەقەرەی (٢) لە مادە (٧).

١ـ تحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

٢ـ للوزير استحداث ودمج مديريات واقسام شعب عند الاقتضاء.

٣ـ لوزير العدل اصدار التعليمات لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر کەس تێبینی نییە ئەوە مادە (٧) دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادەی (٧) وەکو خۆی بمێنێتەوە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (٨) ترتبط جميع الدوائر العدلية التي كانت تابعة للسلطة المركزية بوزارة العدل.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەنسبەت (ترتبط جميع الدوائر العدلية التي كانت تابعة للمركز بوزارة العدل في الاقليم)، ئەگەر وشەی (مرکز) بکرێتە (بالسلطة المركزية) روونتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بێگومان ئەو مادەیە لە پێشنیاری وەزارەتی دادا نەهاتووە، بەڵام ئێمە مەبەستمان لەو هەندە (مدیریات)ە، (مدیریەی رعایەی قاصرین) و(مدیریەی تسجیل عقاری) و زۆر مدیریاتی ترە کە جاران راستەوخۆ پەیوەندییان بە بەغداوە هەبووە، ئەوانە ممتەلەکاتیان هەیە، ئەوجا ویستمان دەقێکی یاسایی هەبێت بۆ ئەوەی کە بە یەکجاری پەیوەندییان ببڕێت لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا، سوپاس.
**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بە رای من ئەو مادەیە زیادە، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئێستا پێشنیار هەیە کە مادە (٨)هەڵبگیرێت، کە دەرئەنجام پەیوەندیی بە وەزارەتی دادوە هەیە، بۆ ئەوەی کە مادەکە دووبارە نەبێتەوە، ئێستا کێ لە گەڵ ئەوەدایە مادەی(٨) لابرێت با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ لەگەڵ لابردنی مادەکە نەبوون.
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
مادة (٩): على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەگەر پێشنیارتان نییە لەسەر مادە(٩) ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە(٩) وەکو خۆی بمێنێتەوە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
المادة (١٠) ينفذ هذا القانون اعتبارا من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادەی(١٠)وەکو خۆی بمێنێتەوە با دەست بەرزکاتەو؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.
ئێستا سەرپاکی یاساکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ یاسای وەزارەتی دادایە بەگشتی با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.
**بەڕێز د. خەسرەو گوڵ محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لە یاساکەدا بۆ هۆکارە پێویستییەکانی تیادا نییە؟، سوپاس.